# د.ر. مەریوان وریا قانع: دین دەشێت بەشێکیش بێت لە خەبات دژ بە ستەمگەریی و داگیرکردن

چاوپێکەوتن / مستەفا زەنگین

**-١) کاتی بە دۆخی وەلاتەکانی وەک جەزاییر، ئافریقایی باشوور، هیندستان بەراوردکراوە، ئایا ئەم دتوانن بلێن، لە کوردستاندا کۆلۆنیالیزم هەیە یان کوردستان وەلاتەکی کۆلۆنیزە کراوە؟ ئەگەر وەهابە، ئەم شێوەیی کۆلۆنیالیزم چیە، چۆنە؟**

وەڵام: بە بۆچوونی من وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە و بە دەگمەن نەبێت لە ناوەندی سیاسیی و ڕۆشنبیریی ئێمەشا قسە و باسێکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە. هەندێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، لە قۆناغێکدا، کوردستانیان وەک "وڵاتێکی داگیرکراو" و، وەک "کۆلۆنی" ناوناوە و مامەڵەکردوە. دروشمی "مافی چارەنووس" و "کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزم" و "دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ" یان هەڵگرتبوو. زۆرینەی هەرە زۆریان هەرگیز ئەم کارەیان نەکردوە و کوردستانیان وەک وڵاتێکی داگیرکراو وێنانەکردوە، بەڵکو وەک بەشێک لەو وڵاتانە وێنایکردوە کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دروستکراون.

ئەوەی من دەتوانم لێرەدا وەک سەرەتایەک بیڵێم ئەوەیە کە بەر لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم، شتێک لەو ناوچەیەی ئێمەدا بەناوی "نەتەوە" و "سەرزەمینیی نەتەوەیی" و "خواستی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە"ییەوە بوونی نەبووە. نە عەرەب و نە تورک و نە فارس و نە هیچ گروپێکی ئەتنی تر، لە بەشە موسڵمانەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، خۆیان وەک "نەتەوە" و زادگاکانیان وەک "نیشتیمانێکی نەتەوەیی" وێنانەکردوە. چەمکی "نیشتیمان" بەو مانایەی ئەمڕۆ لێیتێدەگەین، واتە نیشتیمان وەک سەرزەمینێکی نەتەوەیی، تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوونی نەبووە. ئەوەی لە ناوچەکەدا ئامادەبوو کۆمەڵێک ئیمپراتۆریەتی

دینیی گەورەبوون کە دواهەمینیان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو. زۆرینەی هەرەزۆری کوردەکانی ئەمڕۆکەی تورکیا و سوریا و عێراق بەشێکبوون لە دانیشتوانە موسڵمانەکەی ئەو ئیمپراتۆریەتە و شوناسی سەرەکیان وەک شوناسی ئیمپراتۆریەتەکە شوناسی عوسمانیبوون بووە و سەرزەمین و نیشتیمانەکەشیان وەک بەشێک لە جوگرافیای ناو قەڵەمڕەویی عوسمانییەکان بینیوە. لە ئاستی ناوچەیی و لۆکاڵیشدا چەندان ئیمارەت و دەسەڵاتی ناوچەیی جیاواز هەبوون و ئەو ئیمارەت و دەسەڵاتانە لە لایەن خێزانە ئەرستۆکراتیی و دەرەبەگەکانی کوردستانەوە بەڕێوەبراون. لەم قۆناغەدا شتێک بەناوی "کۆلۆنیالیزم" و "کۆلۆنی"ی و "داگیرکردن" و "داگیرکاریی"ەوە بوونی نەبووە. ئەم کۆمەڵە چەمک و ئەم زمانە سیاسیی و تیورییە، لە سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە فۆرمە سیاسییەکەیدا، لەدایکدەبێت. تا ساتەوەختی کەوتنی ئیمپراتۆریەتەکە ڕووبەرێکی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەش و پارچەی جیاوازی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون و شوناسیی دینیی خۆیان و شوناسیی دینیی ئیمپراتۆریەتەکەیان وەک یەک شوناس بینیوە. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەکە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە شێوە سیاسییەکەی و هاتنی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپیدا، چەمکەکانی "نەتەوە" و "نیشتیمانی نەتەوەیی" و "مافی سەربەخۆبوون" و دروستکردنی "دەوڵەتی نەتەوەیی"دا لەدایکدەبێت. لەگەڵ بزوتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزمیشدا مەسەلەی "شۆڕش" و "یاخیبوون" و "خەبات" بۆ بەدەستهێنانی "مافە نەتەوەییەکان" لەدایکدەبێت.

لەم قۆناغەدا، کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات، ئەوەی گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەرداتدێت پێگە و شوێن و جێی دانیشتوانی کوردستانە لە "ڕەعیەتێکی عوسمانیی"ەوە بۆ "کەمینەیەکی نەتەوەیی" لەناو چوارچێوە سیاسییە تازە دروستکروەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا. کورد لەناو ئەو چوار دەوڵەتە تازەیەدا کە لە ناوچەکەدا و لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی دروستدەکرێن، دەبنە "کەمینەیەکی ئەتنی" و "نەتەوەیی" چەوساوە و مافە سیاسیی و کولتوریی و کۆمەڵایەتییەکانیان، دواکاریی و خواستەکانیان، وەک هەڕەشە لەو دەوڵەتانە و وەک کێشەیەکی ئەمنیی گەورە مامەڵەکراوە. بۆیە زۆر بە توندیی وەڵامدراوەتەوە و لە هەندێک ساتدا تا ئاستی جینۆساید ڕۆیشتوە. لەم ژینگە سیاسییە تازەیەی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەو شتە دروستدەبێت کە ناوی "مەسەلەی کورد" ە و ئەو بزوتنەوەیەش دروستدەبێت کە ناوی "ناسیۆنالیزمی کوردیی"ە. ئەم ناسیۆنالیزمە، وەک هەموو ناسیۆنالیزمێک لە دونیادا، چەمکەکانی "نەتەوە" و "نیشتیمان" و "مافی چارەنووس" و "مافی سەربەخۆبوون" دروستدەکات و دەیکاتە بنەمای وێناکردنی خودی خۆی و ئەوانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. وێناکردنی کوردستان وەک "کۆلۆنیەک" و وەک "سەرزەمینێکی داگیرکراو"، وەک "وڵات" و "نیشتیمانێکی سەربەخۆ" و "جیاواز" بەرهەمی ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی و ڕەمزییەیە.

کوردستان، وەک هەموومان دەیزانین، چوار پارچەیە و هەر پارچەیەکی بەشێکە لە دەوڵەتێکی دروستکراو لە ناوچەکەدا. مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییە سادەیەی نیشانداوە ئەو دەوڵەتانە نەیانتوانیوە گەشە بکەن بۆ "دەوڵەتێکی نەتەوەیی" پلورال و دیموکراس، کە تیایدا چەمکی نەتەوە چەمکێکی "ئەتنی" و "دینیی" نەبێت، بەڵکو چەمکێکی سیاسیی مەدەنیی پلورال و دیموکراس بێت و ئەوەی دانیشتوانە جیاوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە بەیەکەوە کۆدەکاتە دوو فۆرم لە ماف بێت. یەکەمیان مافی هاوڵاتیبوونی یەکسانە، دووهەمیان مافی دەستەجەمعیی تایبەتی هەر پێکهاتێکی ناو ئەو دەوڵەتەیە. هەردوو مافەکەش بەشێکن لە سیستمێکی سیاسیی دیموکراسی فرەکولتووریی و فرەئەتنییدا. ئەم دەوڵەتانە بە درێژایی سەدەی بیستەم و لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، هەریەکەیان بە شێوازی

جیاواز، جۆرێکی تایبەت لە دەوڵەتی "نانەتەوەیی" و "ناهاوڵاتیی" و "نامافن"، یاخود "دەوڵەتی نەتەوەیی" یەکێک لە ئەتنییەکانن بە تەنها. کێشەی کورد، بەم مانایە، بەشێکە لە کێشە سیاسییە هەرە گەورە و بنەڕەتییەکانی ئەم دەوڵەتانە، کێشەی کەمینەیەکی ئەتنییە لەناو دەوڵەتێکی نادیموکراس و دەسەڵاتگەردا، کە هیچ فۆرمێک لە فۆرمەکانی پلورالیزمی سیاسیی و ئەتنیی و دینیی قبووڵ نییە و زیاتر دەوڵەتێکی شۆڤێنییە تا دەوڵەتێکی مافپەروەر. چارەسەری ڕاستەقینەی ئەم کێشەیەش لە دوو جۆر چارەسەر تێپەڕناکات. یان گۆڕانی ئەو دەوڵەتانە بۆ دەوڵەتی هاوڵاتیی و ماف و دادپەروەریی، واتە بۆ دەوڵەتێکی مەدەنیی دیموکراس و فرەکولتور و فرەئەتنی. یان ئەوەیە دانیشتوانی پارچە جیاوازەکانی کوردستان لەوەدا سەردەکەون هەریەکێکیان یەکەی سیاسیی سەربەخۆ و دانپیانراو بۆ خۆیان دروستبکەن و کۆتایی بەو دۆخی چەوساندنەوە و بێمافیی و پەراوێزخستنە ئەتنیی و نەتەوەییە سیستماتیکییە بهێنن، کە هەندێکجار تا ئاستی پاکتاوکردن و جینۆساید ڕۆیشتوە و دەڕوات. بە بۆچوونی من گرنگ نییە ئێمە پەیوەندیی نێوان کورد و دەوڵەتە مەرکەزییەکان چۆن پێناسەبکەین، ئایا پەیوەندییەکی کۆلۆنیالییە یان پەیوەندییەکی دەسەڵاتگەرانەی چەوسێنەرە، گرنگ ئەوەیە لەوە تێبگەین کە شتێک هەیە ناوی مەسەلەی کوردە و ئەم مەسەلەیەش تەنها بە یەکێک لەو دوو چارەسەرەی لە سەرەوە هێمامپێکرد، کۆتایی پێدێت.

**٢-) کۆلۆنیالیزم وەک فرانز فانۆن باسی دەکات، وەکو جەنابیتانش لە کتێبی خۆیی بە ناوی "مرۆڤ و کەرامەت"دا سەرنجمان ڕادەکێشی بۆر ئەو بابەتە، بە شێوەی سیستەمی شکاندنی کەرامەت کار دکە. ئەم سیستەم لە کوردستان چۆن کار دکە و هەروەها کەرامەت بۆ نەتەوەیەک چەند گرانە؟**

وەڵام: کەرامەت یەکێک لە چەمکە سیاسییە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی ناو دونیای مۆدێرن، کتێبی "مرۆڤ و کەرامەت" بە وردیی ژینالۆژیای دروستبوونی ئەم چەمکە و چۆنیەتی بوونی بە بەشێک لە سیستەمە سیاسییە دیموکراسەکان و لە وێناکردنێکی نوێ بۆ مرۆڤبوون، نیشانئەدات. کەرامەت هێماکردنە بۆ نرخی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئەبستراکت، نرخۆ مرۆڤ وەک مرۆڤ، بە دابڕاویی لە ئێتیما ئەتنیی و دینیی و فەرهەنگیی و ڕەگەزییەکەی. مامەڵەکردنی کورد وەک کەمینەیەکەی بێماف، وەک هەڕەشە و کێشەیەکی ئەمنیی، وەک هاوڵاتی پلە دوو و پلە سێ، بەر لەوەی پێشێلکردنی هەندێک مافی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی بێت، هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆسەر مرۆڤبوونی ئەو وەک مرۆڤ، دەستدرێژیکردنە بۆسەر کەرامەتی. لای فانۆن کۆلۆنیالیزم پرۆژەیەکی توندوتیژە و هەوڵدانە بۆ دروستکردنی مرۆڤێک کە خۆی بە بچووک و گەمژە و گرنگن بزانێت، واتە خۆی بە کەسێک بزانێت کە کەرامەتی نییە، یان کەرامەتێکی نووقسانی هەیە. فانون پێیوایە کۆلۆنیالیزم لە پرۆسەی شکاندنی کەرامەتی مرۆڤە داگیکراوەکاندا "گرێی خۆ بە کەمزانین" لەناو هەریەکێکیاندا دەچێنێت، وایالێدەکات خۆیان خۆیان بە کەمتر لە مرۆڤ بزانن. فانون لە کتێبی "چەوساوەکانی سەرزەویی" دا پێیوایە "توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە"ی میلەتە داگیرکراوەکان، یاخیبوونی چەکدارانە، کوشتنی کەسانی سەر بە هێزە کۆلۆنیالەکان، تەنها مافە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکان فەراهام ناکات، بەڵکو ئەو بوونەوەرە کۆلۆنیاڵکراوانە لە ناوەوە لە گرێی خۆ بەکەمزانین ڕزگاردەکات. واتە توندوتیژیی شۆڕشگێڕنە کاریگەریی سایکۆلۆژیی گەورەشی هەیە لەسەر کەسی کۆلۆنیالکراو، لەپاڵ کاریگەرییە سیاسییەکانیدا. جان پۆل سارتەر کە پێشەکی بۆ کتێبەکەی فانون نووسیوە، ڕادیکاڵانەتر ئەم دیدە بۆ توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە، فۆرمیولە دەکات و پێیوایە

ئەگەر کەسێکی جەزائیریی لە جەزایەردا کەسێکی فەرەنسیی بکوژێت، ئەمە کوشتنی دوو چۆلەکەی بەیەک بەرد. لەسەرێکەوە کەسێکی داگیرکەر کەمتر، لەسەرێکی ترەوە کەسێکی ئازاد زیاتر. من باوەڕم بەم دیدە فانونی و سارتەرییە نییە و پێموانییە توندوتیژیی مرۆڤی ئازاد دروستبکات، بەڵام تێزەکە لە پەیوەندیدا بە کەرامەتەوە تێزکی ڕاستە و کۆلۆنیالیزم مانای بێکەرامەتکردنی کەسی کۆلۆنیالکراو و داڕشتنەوەی کەسایەتی ئەو کەسە وەک مرۆڤێکی کەم و بێنرخ. ئەم سیاسەتە لە پەیوەندیدا بە خەڵکی کوردستانەوە بەردەوام ئامادەبووە و تا ئەمڕۆش لە هەندێک بەشی کوردستاندا ئامادەیە.

**٣-) جەنابیتان کاتی باسی سیاسەتی ماکیاڤەڵی دەکەن، لە دەربارى ئەم بابەتیدا دڵێن، "لایی ماکیاڤەڵی سیاسەت، تەکنۆلۆژییایی سەرەکیی حکومرانیکردنە". ئایا ئێمە دتوانن ئەمە باسکردنی جەنابیتان بۆ کۆلۆنیالیزمی لە کوردستانیش قەبوول بکەین؟ یەعنێ، ئێمە دتوانن بڵێن، کۆلۆنیالیزم تەکنۆلۆژییایی سەرەکیی حکومرانیکردنە لە کوردستان؟**

وەڵام: لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم لەوەکرد گرنگ نییە کوردستان وەک سەرزەمینێکی کۆلۆنیالیکراو ببینین یان وەک هەر شتێکی دیکە، ئەوەی گرنگە لەوە ئاگاداربین شتێک هەیە ناوی "مەسەلەی کورد"ە. و داخوازیی سەرەکیی ئەم مەسەلەیەش بریتییە لە گەڕان بەدوای داننان، ئیعتیراف، recognition، بە بوونی ئەودا وەک گروپێکی ئەتنیی و نەتەوەیی خاوەن ماف، مافی تاکەکەسیی و مافی دەستەجەمعی. داننان مانای بە رەسمی ناسینیی ئەو شوناسەی کە تۆ وەک تاکەکەس و وەک بوونێکی دەستەجەمعی بە شوناسی خۆتی دەزانیت. داننان بە تاکەکەسی کوردا وەک بوونەوەرێکی خاوەن مافی یەکسان لەگەڵ ئەوانیتردا، داننان بە کوردبوون خۆشیدا وەک شوناسێکی دەستەجەمعیی و قبووڵکردنی یەکسانیی ئەو شوناسە بە شوناسەکانی تر وەک شوناسێکی دەستەجەمعیی. ئەوەی وەک "تەکنۆلۆژیای حوکمڕانیی" لە کوردستاندا کاردەکات، بریتییە لە ئینکارکردنێکی بەردەوام و سیستماتیکی ئەم داننانە تاکەکەسیی و دەستەجەمعیە. چەمکی "تەکنۆلۆژیای حوکمڕانیی" چەمکێکی فوکۆییە و باس لە عەقڵانیەتی حوکمڕانیی و چۆنیەتی ئیشکردنی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا دەکات. "تەکنۆلۆژیای حوکمڕانیی" لە کوردستاندا تەکنۆلۆژیای کورتکردنەوەی "داخوازییەکی سیاسیی و فەرهەنگییەکانی" میلەتی ئێمەیە بۆ "هەڕەشە"، "هەڕەشەیەکی وجودیی" بۆ سەر شوناس و ئاسایشی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستان کراوە بە بەشێک لێیان. هەڕشەیەکی ئەمنیی و وجودیی نەک تەنها بۆ سەر دەزگاکانی دەوڵەت و خاکی ئەو دەوڵەتانە، بەڵکو بۆ سەر شوناسی ئەتنی زۆرینە باڵادەستەکان. بەمەش بەخشینی ڕەوایەتیی بە هەموو تەکنیک و میکانیزمەکانی بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان تا ئاستی لەناوبردنی یەکجارەکیان، هاوکات وێرانکردن و گواستنەوە و گەمارۆدانێکی سەربازیی و ئابوریی و فەرهەنگیی ناوچە کوردنشینەکان و مامەڵەکردنیان بە لۆژیکی ناوچەی جەنگ و هەڕەشە و نائارامیی. سیاسەت لەم دۆخانەدا دەگۆڕێت بۆ جەنگ، یاخود لە نێوان سیاسەت و جەنگدا سنوور و مەسافەیەکی قابیلی باسکردن ناهێڵدرێتەوە. بێگومان بە پلە و ڕادەی جیاواز لە هەر پارچەیەکی کوردستان و لە ساتەوەختە مێژوویە جیاوازەکاندا. بە کورتییەکەی تەکنۆلۆژیای حوکمڕانی لە کوردستاندا بریتییە لە "تەکنۆلۆژیای گۆڕینی ماف بۆ هەڕەشە"، "داڕشتنەوەی خواستە سیاسییانە وەک هەڕەشەی ئەمنیی"، "گۆڕینی تاکەکەسە بۆ مرۆڤێکی تاوانبار"، "وێناکردنی شوناسی کوردبوونە وەک پەلامارێکی وجودیی"، "گۆڕینی پراکتیکی سیاسییە بۆ پراکتیکی سەربازیی"، "خۆدزینەوەیە لە داننان بەویتردا وەک بوونێکی خاوەن ماف". هتد.. بە شێوەیەکی گشتیی هەموو ئەمانە بەشێکن لەو تەکنۆلۆژیای

حوکمڕانییـەی لـە بەشـە جیاوازەکانـی کوردسـتاندا ئامادەبـوون و تـا ئەمـڕۆش، کوردسـتانی عێراقـی دوای کەوتنـی ڕژێمەکـەی سـەدام حوسـەینی لێدەرچێت، لـە بەشـەکانی تـردا بـە خەسـتی ئامادەن. لـە ئاسـتی دەوڵەتیـدا ئـەو تەکنۆلۆژیـا تایبەتانـەی حوکمڕانیـی لـە کورسـتاندا، مانـای گۆڕینـی دەزگاکانـی حوکمڕانییـە لـەو وڵاتانـەدا بـۆ دەزگای ئیهانەکـردن و سـوکایەتیکردن و بێرخکردنـی ڕۆژانە و سیسـتماتیکیانەی کوردبـوون. ئـەم فۆرمانـە لـە تەکنۆلۆژیـای حوکمڕانیـی تێکەڵێکـی ئاڵـۆزە لـە فۆرمەکانـی حوکمڕانیـی کۆلۆنیالیانـە لەگـەڵ حوکمڕانیـی نادیموکـراس و دەسـەڵاتگەرانەی ئەزموونـە سیاسـییە ترسـناکەکانی سـەدەی بیسـتەم.

**٤-) لـە ترکیـە و باکـووری کوردسـتان لـە چاروچۆڤەیـی کۆلۆنیالیـزم و لێکۆلینەکانـی سـپی دا نیقاشـی ترکایەتـی و کوردایەتـی هەیـە. بـۆ نموونـە، بـارش ئونلـو، نووسـەر و ئاکادەمیسـیەنی تـرک باسـی " گرێبەسـتی ترکایەتـی" دکـە. ب وتەیـی دیگـە، کاتـی بـاس و بابـەت دێتـە سـەر کـوردەکان، هەمـوو ترکەکانـی لـە هـەر بەشـی چینایەتـی، پیشـەیی، تەمەنـی، زایەنـدی، ئایینـی و مەزهەبـی بـە "گرێبەسـتەکی ڤەشارتی/سـەمبۆلیک" دبـن یـەک لـە دژی کـوردەکان. لـەم بابەتیـدا فکـری جەنابیتـان چیـە؟ ئایا ئـەم دتوانـن بـۆ بەشـی دیگەیـی کوردسـتانەکان باسـی گرێبەسـتەکی ئـەم شـێوەیی، یەعنـی باسـی "گرێبەسـتەکی عەرەبایەتـی یـان فارسـیەتی" بکەیـن؟**

وەڵام: بـاوەڕم بـەوە نییـە "هەمـوو" تـورک بەشـێکن لـەو "گرێبەسـتی تورکبوون"ە، هەمیشـە بەشـێکی ئـەو کۆمەڵگایـە دژ بـەم بەتورکیکردنـی هەمـوو پێکهاتەکانـی نـاو ئـەو وڵاتەیـە و ڕەخنەگرانـە بەرامبـەر بـەم فۆرمـە لـە ناسـیۆنالیزم وەسـتاون. بێگومـان ئێـوە لـەوەدا ڕاسـتدەکەن کـە زۆرینـەی ئـەو کۆمەڵگایـە بەرگریـی لـەو گرێبەسـتە دەکات و ناسـیۆنالیزمی تورکیـی لـە فۆرمـە توێنەرەوەکەیـدا بـووە بـە بەشـێک لـە سایکۆلۆژیا و زمـان و وێناکردنەکانـی زۆرینـەی کۆمەڵایەتیـی ئـەو کۆمەڵگایـەدا. ئەمانـە ئـەو گرێبەسـتە بـە بنەمـای شوناسـیی تاکەکەسـیی و دەسـتەجەمعی خۆیـان و بـە بنەمـای شوناسـی دەوڵـەت و خاکـی تورکیـا دەزانـن. بـە بۆچونـی مـن پێگـەی کـورد لـە هـەر یەکێـک لـە وڵاتانـەدا کـە تیایـدا وەک کەمینـە دەژیـی جیـاوازە، لـە تورکیـادا نکوڵیکردنێکـی هەمەلایـەن و توندوتیـژ لـە سـەرجەمی دەرکەوتەکانـی شوناسـی کوردبـوون هەیـە. لـە عێراقـدا ئـەم دۆخـە بوونـی نییـە و لەگـەڵ دروسـتکردنی دەوڵەتـی عێراقیـدا شـتێک لـە ئیعترافکـردن بـە کوردبـوون هەبـووە. لـە ئێرانـدا ئیعترافـی ڕەسـمیی بـە کوردبـوون بوونـی نییـە، بـەڵام ئـەو سیاسـەتی ئینکارکـردن و تواندنەوەیـەی لـە تورکیـادا هەیـە لـەو وڵاتـەدا بوونـی نییـە. هەمیشـە پەراوێزێکـی بچـووک بـۆ تەعبیرکردنـی ڕەسـمی لـە کوردبـوون لـە ئێرانـدا هەبـووە. هەرچـی سـوریایە زیاتـر لـە مۆدێلـە تورکیەکـە نزیکـە تـا ئەوانیـتر.

ئەگـەر بمەوێـت لەسـەر عێـراق کەمەکێـک وردتـر قسـەبکەم دەکرێـت بڵێـم "عروبـە"ی عەرەبیـی جیـاوازە لـەو "گرێبەسـتی تورکبـوون"ەی ئێوە باسـیدەکەن. عروبە شوناسـێکی سیاسـیی نییـە، ناسـیۆنالیزم نییـە بـە مانـا سیاسـییەکەی، بەڵکـو شوناسـێکی کولتوریـی و فەرهەنگییـە. عروبـە ئایدیۆلۆژیایەکـی سیاسـیی نییـە، شـتێک نییـە بخوازێـت هەمـووان بـکات بـە عـەرەب، کـورد لـە عێراقـدا هەوڵـی ڕاسـتەقینە بـۆ بەعەرەبکردنـی نـەدراوە. وەک یەکێـک لـە تیوریسـتە گرنەکانـی بـواری ناسـیۆنالیزم لـە جیهانـی عەرەبیـدا دەڵێـت، مەبەسـتم عەدیـد داویشـە یـە، دەڵێـت عروبـە "شوناسـێکی کولتورییـە"، مەبەسـت لێـی تواندنـەوەی ئەوانیـتری ناعـەرەب نەبـووە و نییـە، بەڵکـو مەبەسـت لێـی سـەرکەوتنە بەسـەر دابەشـبوون و پارچەپارچەبوونـە دینیـی و تائیفیـی و خێڵەکییەکانـی نـاو جیهانـی عەرەبیـدا. لـە عروبـەدا عەرەبـەک پـێ لەسـەر

ئەو ڕەهەنـدە کولتوورییـە دادەگـرن کـە عەرەبـی بەشـە جیاوازەکانـی دونیـای عەرەبیـی بەیەکتریـەوە گرێئـەدات، بـەڵام بەرگریـی لـە فۆرمێکـی سیاسـیی دیاریکـراو نـاکات. "عروبـە" و "قەومەیتـی عەرەبـی"، القومیـە العربیـە، دووشـتی جیـاوازن. یەکەمیـان پێداگرتنـە لەسـەر یەکێتیـی و وێکچوونێکـی کولتوریـی، بـەڵام دووهەمیـان پرۆژەیەکـی سیاسـییە.

بەعـس و ناسریـزم، کـە دوو فۆرمـی سـەرەکیی پـان عەربیزمـن و بـاس لـە "عروبـە" و "یەکێتـی خـاک" و "نەتـەوەی عـەرەب" دەکـەن، بـاس لـە تواندنـەوەی نەتەوەکانـی تـر لەنـاو نەتـەوەی عەرەبـدا ناکـەن. لـە عێراقـدا شوناسـی کوردبـوون، بێگومـان بەوجـۆرەی کـە بەعـس لـەو شوناسـە گەیشـتبوو، بەشـێکبوو لـە ڕێزمانـی سیاسـیی و و فەرهەنگیـی وڵاتەکـە. خوێنـدن بـە زمانـی کوردیـی هەبـوو، ڕۆژنامـە و گۆڤـار و ڕادیـۆ و تەلەفیزیـۆن بـە زمانـی کـوردی هەبـوو، چاپخانـە و یەکێتـی نووسـەرانی کـورد ، هتـد... هەبـوو، شـتێکیش هەبـوو بەنـاوی "ئۆتۆنۆمی"یەکـی کارتۆنییـەوە بـۆ ناوچـە کوردییـەکان، کـە سـەرڕەای کارتۆنیبوونەکـەی، شـتێک لـە ئیعترافـی سیاسـیی و فەرهەنگیـی بـە کوردبـوون تێدابـووە. هەمـوو ئەمانـە تـەواو جیـاوازە لـەو دۆخـەی لـە تورکیـادا هەبـووە و هەیـە. لە عێراقیشـدا هەمیشـە دوو شـێوە لـە ناسـیۆنالیزمی جیـاواز بوونیـان هەبـووە. یەکەمیـان ناسـیۆنالیزمی عێراقییـە کـە تیایـدا کـورد وەک بەشـێک لـە عێـراق بینـراوە، دووهەمیـان پـان عەرەبیزمـە کـە بـە گومانـەوە سـەیری کەمایەتییەکانـی نـاو جیهانـی عـەرەب دەکـەن. ئـەم دۆخـە وایکـردوە شوناسـی کوردبـوون لـە عێراقـدا مێژوویەکـی تـەواو جیـاواز بژیـی لـەوەی تورکیـا و بەشـەکانی تـر.

**٥-) لـە پرۆسـەیی داگرکردنـی ڕۆژاڤایـی کوردسـتاندا لـە لایـی دەوڵەتـی تورکییـەوە ئێمـە بـوون شـاهد کـە دیـن و ئاییـن هـەر ئـەو ئامووڕەکـی مفـادارە بـۆ کۆلۆنیالیـزم و داگرکردنـی کوردسـتان. سـەدام حوسـێن چـۆن لـە یـەک سـوورەیی قـوران، واتـە لـە سـوورەیی ئەنفـال مفـا وەرگـرت، بـە هەمـان شـێوەیی دەوڵەتـی ترکیـش سـوورەیی ئەلفەتـح بـە کار هێنـا. ئەمـە نیشـان دده کـو دیـن و ئاییـن دتوانـت ئامرێزەکبـە بـۆ کۆلۆنیزەکـردن و داگرکردنـی کوردسـتان. بـەلام لـەم پرۆسـەیی داگرکردینـی ڕۆژاڤایـی کوردسـتاندا ئێمـە بـوون شـاهد کـۆ بەشـێک لـە مەلایـی کوردسـتانەکانش (باشـووری کوردسـتان) بـە هەمـان شـێوەیی لـە دژی ئـەو داگرکردینـی دەرکەتـن و دەوڵەتـی تـورک وەک دەوڵەتەکـی داگرکـەر بەنـاوی کـرد. لـە چارچۆڤەیـی ئـەم دۆخیـدا ئێمـە دتوانـن بلێـن، دیـن بـە هەمـان ئاوایـی دتوانـە ببـە ئامرێزەکـی دژی کۆلۆنیالیـزم؟ یەعنـی دەرفـەت هەیـە کـۆ ئێمـە باسـی لایـی دژ-کۆلۆنیالیزمـی (ئانتی-کۆلۆنیالیـزم) دیـن بکەیـن؟**

وەڵام: دیـن دەشـێت بـە هەمـوو ئاراسـتەکاندا ڕابکێشرێـت و ببرێـت، دەشـێت ببێـت بـە ئامرازێـک بـە دەسـتی سـتمەگەرانەوە، وەک لای داعـش و لای ئایەتـوڵاکان لـە ئێـران و لـە سـعودیە و ئەفگانسـتان و زۆر شـوێنی تـردا، بینیـمان و دەیبینیـن. دەشـێت بەشـێکیش بێـت لـە خەبـات دژ بـە سـتەمگەریی و داگیکـردن، وەک "تیۆلۆژیـای ئازادیخوازیـی" لـە ئەمریـکای لاتیـن و وەک ڕۆڵـی مەسـیحیەت لـە بەهێزکردنـی "بزوتنـەوەی سـۆڵیدارێتی" لـە پۆڵەنـدەدا بینیـمان، یاخـود ڕۆڵـی ئیسـلام لـە جەزائیـر لـە جەنگـی ڕزگاریخوازیـی ئـەو وڵاتـەدا دژ بـە کۆلۆنیالیزمـی فەرەنسـیی. یـان ڕۆڵـی هێزێکـی دینـی وەک ئەلنەهـزە لـە تونسـی ئەمـڕۆدا. یەکەمیـن وانەیـەک لـە سۆسـیۆلۆژیای و ئەنترۆپۆلۆژیـای دینـەوە فێرییبیـن ئەوەیـە کـە دیـن جەوهەرێکـی نەگـۆڕ و هەمیشـەیی نییـە، شـتێک نییـە بـە یـەک مانـا و لـە یـەک فۆرمـدا بـۆ هەتاهەتاییـە لـە جیهانـدا ئامادەبێـت. دیـن بریتییـە لـە کـۆی تەفسـیرەکانی دیـن، بریتییـە لـەو شـتەی کـە بکـەرە دینییـە مێژووییـەکان دروسـتیدەکەن، ئەمانـەش هەمیشـە لانـی کـەم

لەناو سێ جۆر پەیوەندیی مێژوویدا ئامادەن کە کاریگەریی گەورە لەسەر ڕوانینیان بۆ دین بەجێدەهێڵێت. مەبەستم لەو سێجۆر پەیوەندییە "پەیوەندییەکی دەسەڵات" و "پەیوەندییەکانی مانا" و "پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە". ئەم ڕاستییە سادانە وادەکەن وەکچۆن ئیسلام لای سەدام حوسەین مانایەکی هەبوو پەیوەست بە بەخشینی ڕەوایەتییەوە بە پەلامارەکانی ئەنفال وەک کردەیەکی جینۆسایدیی، وەکچۆن مزگەوتەکانی تورکیا دەهۆڵی جەنگ بۆ ئەردۆگان لێدەدەن و وەک "فاتحێکی دینیی" نمایشیدەکەن، بەهەمان شێوە لە مێژووی ئێمەشدا بەردەوام جۆرێک لە دین و جۆرێک لە دینداران هەبوون و هەن کە بەشێکبوون و بەشێکن لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی میلەتی ئێمە. لە شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە بیگرە بۆ قازی محەمەد و لەوێشەوە بۆ شێخ عیزەدینی حوسەینیی و چەندانی تر. ئەوەی لە هەموو ئەم دۆخانەدا ئامادەیە دین نییە وەک جەوهەر، چونکە ووتم هیچ دینێک جەوهەرێکی نەگۆڕیی نییە، بەڵکو بکەری دینین بە تەفسیری دینیی تایبەتەوە لەناوژ ژینگەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و ڕەمزیی دیاریکراودا.

بزوتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم خۆشی ڕەهەندێکی دینیی بەهێزی هەبوو، بەڵام ستمگەریی سیستمە سیاسییەکانی سعودیە و ئێران و ئەردۆگانی ئەمڕۆکەش دیسانەوە ڕەهەندێکی دینیی بەهێزیان هەیە. لە پەیوەندیدا بە ناسیۆنالیزمەوە دین پەیوەندییەکی فرەلایەن و ئاڵۆزیی بە ناسیۆنالیزمەوە هەیە، مەبەستم لە ناسیۆنالیزم ئەو بزوتنەوانەیە کە خەبات بۆ دابینکردنی مافە سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییە نەتەوەییەکانیان دەکەن. ناسیۆنالیزم لە ڕووی مێژووییەوە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژوو دێت. بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی هابسبۆرگ لە ئەورووپا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەکەی ئێمەدا، چەندان بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیی و یەکەی نەتەوەیی جیاوازیان لێکەوتەوە. شوناسی سەرەکیی ئیمپراتۆریەتەکان شوناسێکی دینیی سەروە ئەتنیی و سەرو لۆکاڵ بووە، لای عوسمانیەکان ئیسلامی سونیی شوناسی سەرەکیی ئیمپراتۆریەتەکە بووە. کە ناسیۆنالیزم دێت دین کەنارگیر و پەراوێز ناخات وەک هەنێک تیوریست پێیاوایە، ناسیۆنالیزم مەرج نییە هەمیشە بزوتنەوەیەکی نادینیی یان عەلمانیی بێت، ئەوەی ڕووئەدات "ناسیۆنالیزەشنی دینە"، واتە بەنەتەوەییەکردنی دین و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی وەک بەشێک لە شوناس و پرۆژەیەکی نەتەوەیی. ئەمە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا ڕوویداوە و تا ئێستاش ڕووئەدات.

لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی میلەتی ئێمەشدا هەمان شت لە ئارادایە. وەکچۆن ئەردۆگان دین بۆ بەخشینی ڕەوایەتی بە پەلامارەکان و بە سیستمە ستەمگەرەکەی بەکاردەهێنێت و دین وا پێناسەدەکاتەوە ببێت بە بەشێک لەو پرۆژە سوڵتانییە دەسەڵاتگرە ترسناکەکەی. بەهەمانشێوە هێزەکنی ناو کۆمەڵگای ئێمەش دەشێت دین وەک بەشێک لە ئامرازەکانی بەرگریکردن لە ئینسان و بەرگریکردن لە مافەکان بەکاربهێنن و بەکاریشیان هێناوە. بە کورتییەکەی دین وەکچۆن دەتوانێت بەشێکبێت لە دۆخ و سیستم و خەونێکی دەسەڵاتگەرانەی ترسناک، بەهەمانشێوە دەشێت ببێت بە بەشێک لە بزوتنەوەی دژە کۆلۆنیالیی و لە هەوڵی مرۆڤ بۆ دروستکردنی دونیایەکی باشتر. هەمان دید بۆ زۆرێک لە ئایدیۆلۆژیا عەلمانییەکانیش ڕاستە.